ڕەشنوس بۆ گفتوگۆ

# پرۆژەی دامەزراندنی:

# هاوپەیمانیەکی نیشتمانی

## بە دروشمەکانی:

سەروەری قانون - پەرلەمانی کارا - حکومەتی بەرپرس

لەلایەن هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان - Kurdistan Democratic Alliance - ەوە داڕێژراوە بۆ گفتوگۆ.

سێپتەمبەری 2012

## ناوەرۆك

ئەم بەڵگەنامەیە ڕەشنوسی پرۆژەی دامەزراندی هاوپەیمانیەکە (لەمەولا پێی دەگوترێ هاوپەیمانی پێشنیارکراو)، کە بتوانێ ڕەوت، ڕێکخراو و کەسانی سەربەخۆ لەخۆ بگرێ. ئامانجی ئەم دەستپێکە دارشتنی بنەماکانی پرۆژەیەکی سیاسی- کۆمەڵایەتی هاوپەیمانیەکی کارایە لە کوردستاندا، بە جۆرێك کە پرۆژەکە ڕەنگدانەوەی داخوازیەکانی گەلی کوردستان بێ و چارەسەری گونجاو پێشنیار بکات بۆ پرسە کوردستانیەکان لە ئاکاری عێراق، ناوچەکە و نێونەتەوەییدا.

بەڵگەنامەکە لە چەند بەشێك پێکهاتووە:


1 کورتەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان
1.1 ئۆپۆزیسیۆن
1.2 حزبە حوکمڕانەکان
1.3 کێشە کولتووریەکان
1.4 داهاتووی سیاسی کوردستان
2 پرنسیپە بنچینەییەکان
3 ئامانجەکان
3.1 ئامانجە سیاسیەکان
3.2 ئامانجە کۆمەڵایەتیەکان
3.3 ئامانجە نیشتمانیەکان
4 تێڕوانینی سیاسی
4.1 نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە حکومەتی فیدراڵی
4.2 حکومەتی عێراقی فیدراڵ
4.3 هێز و لایەنە سیاسیەکانی عێراق
4.4 دۆستایەتی گەلی کوردستان و وڵاتانی دیموکرات
4.5 وڵاتانی ناوچەکە
5 سروشتی هاوپەیمانە پێشنیارکراوەکە


لە پێشەکیەکی کورتدا باری سیاسی کوردستان شی دەکەینەوە و گرفت و کێشەکانی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ تاوتوێ دەکەین. لە بەشەکانی تردا بۆچوونی خۆمان لەسەر ڕاستکردنەوەی کێشەکان دەدەین.

هەندێك لە زاراوە و دەستەواژەکانی لەم بەڵگەنامەیەدا بەکارهاتوون لێرەدا پێناسە دەکرێن:

- "دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان" – لەبری دەوڵەت بەکار دەهێنرێ، کە هەر سێ دەسەڵاتەکە لە خۆ دەگرێ، دەسەڵاتی قانوندانان، جێبەجێکردن و دادوەری. هەڵبەت دەوڵەت بەکارناهێنرێ بۆ دەسەڵاتی هەرێمی دەوڵەتێکی فیدراڵ. سێ دەسەڵاتەکەش وەك خۆیان بەکار دێن: دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە بری حکومەت، دەسەڵاتی قانوندانان لەبری پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریش وەك خۆی.
- "ڕێکەوتنی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکێتی" – ڕێکەوتنێکی نهێنیە لە نێوان دوو بنەماڵەی حوکمڕانی پارتی و یەکێتیدا، کە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی بنەماڵەیە و لە دەری پەرلەمان و حکومەت دامەزراوە.
- تۆتەلەتاری – سیستمێکی حوکمکردنی سیاسیە کە دەوڵەت تێیدا دەسەڵاتی ڕەهای هەیە لەسەر کۆمەڵ و دەیەوێ کۆنترۆڵی هەموو لایەنێکی ژیانی تایبەتی و کۆمەلایەتی هاوڵاتان بکات.
- ئۆتۆکراتی – سیستمێکی حوکمکردنە کە دەسەڵاتی سیاسی ڕەها لە دەستی تاکە کەسێکدایە و بڕیار و کارەکانی نە چێوەیان هەیە نە مێکانیزمێك بۆ کۆنترۆڵکردن، بەرپرس نین لە بەرانبەر هیچ دەستگایەکدا و هیچ دەستگایەکیش لێیان ناپرسێتەوە.
- سیڤڵ – لە بری مەدەنی بەکاردێ، وەك لە ڕێکخراوە سیڤڵەکاندا یان کۆمەڵێکی سیڤڵدا هاتووە. ڕێکخراوە سیڤڵەکان، ئەوانەن کە لەژێر دەسەڵاتی حزب و لایەنی سیاسیدا نین و بەشێکن لە سیستمی دیموکراتی. کۆمەڵێکی سیڤڵ، ئەو کۆمەڵەیە کە ڕێکخراوە سیڤڵەکان هاوکاری دەسەڵاتی هەڵبژێراون و کاریگەریەکی زۆریان لە حوکمکردنی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵدا هەیە.
- کۆمەڵێکی دیموکراتی سیڤڵ – سیستمێکی سیاسی دیمکراتیە کە تێیدا دەسەڵات پەیوەندیەکی بەهێزی بە ڕێکخراوە سیڤڵەکانەوە هەیە. هەردوکیان هاوکاری یەکن لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵدا.

## 1 کورتەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان و عێراقدا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، کە بەپێی دەستور، گەل دەتوانێ لەڕێی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتی سیاسی دابنێ و بیگۆڕێ. ئەگەرچی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 1991وە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەغدادا نەماوە، پێویست بوو پرۆسەی سیاسی، لە ڕووی پێشکەوتنی دیموکراسی و سیڤڵەوە، هەنگاوی زۆر گەورەی بنایە، بەڵام بە پێچەوانەوەیە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، دەسەڵاتی حیزب و بنەماڵە دەستی ناوەتە بینەقاقی پێشکەوتن و گەندەڵی، بە هەموو شێوازەکانیەوە، چالاکیەکانی کۆمەڵی کوردستانیان ئیفلیج کردووە.

دوو دەیەی ڕابردوو ئەوەیان سەلماند کە دوو حزبی دەسەڵاتدار لە ئیدارەکردنی کورستان و بەرەوپێشبردنی پرسی گەلی کوردستان لە ئاستی پێویستدا نەبوون. نزیکەی دەیەیەکیان بە شەڕ و نە شەڕ- نە ئاشتیەوە کوشت، کە دیارە سەنگی کێشەی کورد و گەلی کوردستانی لە ناوچەکە و جیهاندا نەهێشت. لە دوای ئەمیشەوە، دەستیان بەسەر دەرامەت و دەسەڵاتی گەلدا گرتوە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆرغیان کردووە. ستراتیجیەکی کوردستانی دانەڕێژراوە و هەر گروپ و بنەماڵەیەك بۆ بەژەوەندی خۆی سیاسەتی دادەڕێژێ و بە لایەکدا ڕایدەکێشێ.

## 1.1 ئۆپۆزیسیۆن

هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان - Kurdistan Democratic Alliance – لە 2004دا پرۆگرامێکی بۆ هاوپەیمانیەکی کوردستانی دارشت بە زمانی ئینگلیزی کە لەگەڵ دۆخی پێش دامەزراندنی ئۆپۆزیسۆن ئەودەم لەبار بوو. ئامانجی دامەزراندنی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا بوو بۆ هەڵبژاردنەکانی 2004، بەڵام ئەودەم، لەبەر چەند هۆکارێك هەڵوێستێکی ئەوتۆ لە پرۆگرامەکە وەرنەگیرا، سەرباری ئەوەی کە هەندێك لایەنی دۆست بەشێك لە پرۆگرامەکەیان لە کامپەینی هەڵبژاردنەکەدا بەکارهێنا و لە میدیاکانیشدا پۆزەتیڤانە دەنگی دایەوە. لەو هۆکارانە ڕەنگە ئەوە بووبێ کە لایەنە پەیوەندارەکان هێشتا هیوایان بە ڕیفۆرم (چاکسازی) هەبوو لە پارتی و یەکێتی بێ ئۆپۆزیسیۆندا. خۆ ڕەنگە هۆکارێکی تر خودی بیرۆکەی ئۆپۆزیسیۆن بووبێ، کە هێشتا دزەی نەکردبووە ناو ئەقڵیەتی سیاسی کوردەوە. دیارە ئێمە شانازین بەوەی کە، هەر لە یەکەم هەڵبژاردنەکانی دوای ڕوخانی دەسەڵاتی سەدام حسێنەوە و پێش بزوتنەوەی گۆڕان، دەستپێشخەری دامەزراندنی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارای دیموکرات بووین لە کوردستاندا. لەوکاتەشەوە بەردەوام هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان، بە شێوازی جیاواز، ڕای خۆی لەسەر دیاردە جۆراوجۆراکان دەربڕیوە. بێگومان ئێستا لە قۆناغێکی تردایین، و گەلی کوردستان پێویستی بە پرۆگرامێکی تر هەیە کە لە ئاست پرسەکانی ئەمڕۆدا بێ. ئێمە هیواداریـن کە ئەم پرۆژەیە پرسە گرنگەکانی هوروژانبێ و بووبێتە چاوگی گفتوگۆی لایەن و کەسانی خەمخۆر.

ڕاستە ئۆپۆزیسیۆن، بە تایبەتی گۆڕان کە لە 2009دا بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد و، لەو دەمیشەوە، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستاندا؛ توانی ئەڵقەی قایمی فیفتی - فیفتی بکاتەوە؛ ئۆپۆزیسیۆن لە سەکۆی سیاسی کوردستاندا دابکوتێ؛ گەندەڵی بە ڕاشکاوانە بکاتە پنتی دیبەیت؛ ببێتە هاوکاری چەندین هێز و کەسانی ڕۆشنبیر و سەربەخۆ؛ و، دەرك لە ڕووی زۆر بیر و بۆچونی جیاواز بکاتەوە. بەمەش کوردستان کەوتە قۆناغێکی ترەوە لە پرۆسەی سیاسی، کە پارتی و یەکێتی چیدی بە ئاسانی نەتوانن لە پشت بەربەستی ئاسنینەوە، بڕیارە سیاسیەکان بدەن و پاساوی بۆ بهێننەوە. لەم تێگەیشتنە ڕوونەوە، هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان، ئەودەم، توانای خۆیی خستە پەرەپێدانی گۆڕانەوە و هەوڵیشی دا کە یەکی بخات لەگەڵ هێزەکانی دەری ناوچەی یەکێتی نیشتمانی.

ئێستا کوردستان لە قۆناغێکی نوێدایە و توانای ئۆپۆزیسیۆن، لە پێشخستنی پرۆسەی سیاسی و کۆمەلایەتیدا، زانراوە. فراوانکردنی ئۆپۆزیسیۆن بە هەر شێوازێك بووە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستانە. دەرفەتیش بۆ ئۆپۆزیسۆن بەربلاوە، لەبەر چەند هۆکارێك. کۆمەڵی کوردستان بە بڕشتە و لە چەندین کۆمەڵگەی کۆمەلایەتی و ئاینی جیاواز پێکهاتووە، کە ناکرێ تەنیا ئۆپۆزیسیۆنێك نوێنەرایەتیان بکات. خۆ ڕەنگە هەندێك لە کەموکوڕیەکانی ئۆپۆزیسیۆن پەیوەند بێ بە جیاوازی لە نێوان بۆچوونی کۆمەڵگە جیاوازەکانی کوردستاندا. ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لەو کەموکوڕیەکانی ئۆپۆزیسیۆن.

(1) گۆڕان نەیتوانی ستراتیجیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئۆپۆزیسیۆن دابڕێژی، کە بتوانرێ هەم ئۆپۆزیسۆن، هەم گەلی کوردستان خۆیی تێدا ببینێتەوە.

(2) هاوئاهەنگی لەنێو ئەندامانی پەرلەمانی گۆڕاندا نابینرێ و، زۆرجار، هەریەکەیان بە ئاراستەیەکدا دەدوێ؛ هاوئاهەنگیەکیش لەنێوان بلۆکی گۆڕان لە هەولێر و بەغدادا زۆر کەمە.

(3) گۆڕان تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە، ڕێکخستنەکانی لە سنوری ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی تێپەڕێنێ. تا ئەمڕۆش، بزوتنەوەی گۆڕان هەڵسوڕاوە دیاریەکانی هەر ئەوانەن کە لە یەکێتی جیابوونەتەوە و نەیتوانیوە سەرکردایەتیەکی تۆکمە، لەو کەسانەی کە پێشینەی حیزبیان نەبووە، دابمەزرێنێ. بەکورتی گۆڕان نەیتوانی

نەوەیەکی نوێی سیاسی دابمەزرێنێ و خوێنی گەش و گەرم بهێنێتەوە بەر بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایتی کوردستان.

(4) گۆڕان نەیتوانیوە زۆربەی ئامراز و تەکنیکە دیمکراسی و سیڤیڵەکان کارا بکات، وەك ڕێپێوان و پرۆتێست کۆڕ و کۆبونەوە، بۆ پێشخستنی پرۆسەی سیاسی.

(5) سەرباری ئەوەی کە بەشێکی زۆری ڕەوندی کوردی دەرەوە پشتگیری گۆڕانی کرد، بەڵام گۆڕان نەیتوانی کامپەینێکی بەهێزی نێودەوڵەتی دابمەزرێنێ و پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەسەڵات و پەرلەمانەکانی وڵاتانی دیموکراتدا، بەرێی ڕەوەندی کورددا، دابمەزرێنێ. بەمەش گۆڕان خۆی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا قەتیس کرد.

(6) گۆڕان کەمتەرخەم بووە لە دانوسان لەگەڵ هێزە کوردستانیەکانی دەرەوەی باشوری کوردستان، کە زەرەرمەند بووە لە پەرەپێدانی کولتوورێکی کوردستانیدا.

سەرباری هەموو ئەم کوم و کوریانەش، هەرچەندە دواکەوت لە دامەزرانیدا، گۆڕان توانی ڕووبەڕووی چەند گرفتێك ببێتەوە، کە وەکیتر ئەستەم بوو. دیارە هاوپەیمانیە پێشنیارکراوەکەی ئەم بەڵگەنامەیە، هەوڵدەدات کە ئەم کەلێنانە پردەکاتەوە و هاوکاری بەهێزکردنی گۆڕان بکات. هەر ئۆپۆزیسۆنێکی نوێ، بێتە سەکوی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، ڕووبەڕووی چەندین گرفت و کێشە دەبێتەوە، کە پێویستە لەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی ئێستادا پێکەوە کارا بن بۆ چارەسەرکردنیان.

### 1.2 حزبە حوکمڕانەکان

ڕێکەوتنی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکێتی، پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا قەتیس کردووە. یەکێتی پەراوێزخراوە و بووە بە ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پارتی لە ناوچەکانی یەکێتی – گۆڕاندا، کە پارتی تێیدا بێ پێگەیە. لە دوای دیارنەمانی سکرتێرەکەشی لە سەکۆی سیاسیدا، داهاتوی یەکێتی نادیار دەبێ و، گەر بەرگەی مانەوەش بگرێ، دەبێ بە چەند گرووپێکەوە، و چیدی کاریگەریەکی ئەوتۆی نامێنێ. هەرچی پارتیە، کار بۆ دامەزراندنی سیستمی سیاسی دامەزراو لەسەر بناغەی بنەماڵە دەکات، کە نەك بنەماڵە حاکمی ڕەها بێ بەڵکو پیرۆزیش بکرێ. لە دوای ڕاپەرینەوە، دەستپێکەکانی ئەم هەوڵە لە چەند دیاردەیەکەوە دیارە.

(1) دامەزراندنی دەستگای ئاسایش و بە شەرعیکردنی بۆ پارێزگاری دەسەڵاتی بنەماڵەیە؛ کارکردنی ئەم دەستگایە لە سەروو هەموو دەسەڵاتێکی ترەوە (وەك دادوەری، پەرلەمان و حکومەت) دەستپێشخەریەکی ترسناکە لە دامەزراندنی سیستمێکی تۆتەلەتاری و ئۆتوکراتیدا، کە یەکێتیش پاڵپشتی دەکات. ئەم دەستگا داپڵۆسەرە، وەك دەستگاکانی حکومەتی بەعس، بە هیچ قانون و نەریتێك کار ناکات و کاری تەواوی پاراستنی بنەماڵەیە.

(2) بنەماڵەی حوکمڕانی پارتی کارەکانی بە ئاراستەی دەستبەسەراگرتنی هەموو جومگە گرنگ و هەستیارە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی کوردستانە. دیارە سەلمێنەری ئەمەش ئەوەیە کە ئەندامانی بنەماڵەی حوکمڕانی پارتی زۆربەی پۆستە گرنگ و هەستیارەکانی کوردستانیان داگیر کردووە و دەسەڵاتی ڕەهایان هەیە، کە لەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی ترەوەیە؛ و بەرپرسیاریش نین لە بەرانبەر هیچ دەستگایەکدا.

(3) دامەزراندنی سەرۆکایەتی هەرێم و دەستبەسەراگرتنی هەموو کارە گرنگ و هەستیارەکانی دەسەڵات بەرەو ئەوە دەچێ کە ببێتە دەسەڵاتێکی قانوندانان و جێبەجێکردن، کە هەر سێ دەسەڵاتەکە (پەرلەمان، حکومەت و دەسەلاتی دادوەری) بە تەواوی بخاتە پەراوێزە. هەر ئێستا، سەرۆکایەتی هەرێم دەستی بەسەر ئەم کاروبارە گرنگانەدا گرتووە، کە هەموویان کاری سێ دەسەڵاتەکەن: دەسەڵاتی قانونداناان، قانون ڕەفزکردن، کاروباری پەترۆکیماوی (نەوت و گاز) و ئابووری (وەزارەتی ئابووری و نەوت)، کاروباری پەیوەندیەکانی دەرەوە (وەزارەتی کاروباری دەرەوە)، زۆری تریش.

(4) حکومەت و پەرلەمان لە هەموو کاروباری پەیوەندیەکانی دەرەوەدا پەراوێزخراون. ئەمەش سوکایەتیکردنە هەم بە دەسەڵاتی هەرێم (پەرلەمان، حکومەت و دادوەری)، کە بە حساب شەرعی و قانونیە، هەم بۆ گەلی کوردستان کە دەنگیان پێداوە. دەریشی دەخات کە سەرۆکایەتی هەرێم هیچ ڕێزێکی بۆ دەنگدەرانی کوردستان نیە. لە بنەڕەتیشەوە دیمکراتیەت، بە تایبەتیش پرۆسەی دەنگدان، دەخاتە ژێر پێوە.

(5) بنەماڵەی حوکمڕانی پارتی، لەنێو هەوڵەکانی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیاندا، دەستیان گرتووە بەسەر حزبدا. لە دوایین کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پاراستن، کە دەستگایەکی بنەماڵەیە، دەستی گرت بەسەر سەرکردایەتی پارتیدا. دیارە ئەمەش هەم بۆ پەراوێزخستنی دەسەڵاتی لایەنەکانی تری ناو حزبە، هەم بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕێکخراوە گرنگەیە وەك ئامرازێك بۆ زۆرتر چەسپاندنی دەسەڵاتی بنەماڵە.

(6) بنەماڵەی حوکمڕانی پارتی دەستی گرتووە بەسەر ئابووری گەلدا، بەکاری دەهێنێ بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی. بنەماڵە دەستی گرتووە بەسەر داهاتی بەرهەمەکانی پەترۆکیاوی، نەوت و گازدا، زۆربەی بازرگانی دەرەوە و کۆمپانیە گەورەکاندا. بەمەش دەتوانن زۆربەی کەسان و گروپە کاریگەرەکان بکڕن و بیانخەنە خزمەتی پلانەکانیان، کە چەسپاندنی دەسەڵاتی بنەماڵەیە. بەکورتی، دەرامەتی ئابوری گەل بۆ چەسپاندنی حوکمی بنەماڵە و دەسەڵاتێکی تۆتەلتاری و ئۆتوکراتی بەکاردەهێنرێ.

(7) میدیاکانیش لەم پلانە بەدەر نین. ئەمڕۆ میدیا کاریگەرەکان بە دەست کەسەکانی ناو بنەماڵەوەیە و کاران بۆ چەسپاندنی حوکمی بنەماڵە.

(8) کۆمەڵێك قانون بە فشاری حزبە دەسەڵاتەکان لە پەرلەماندا بەرێکراون، کە هەمویان پێشێلکردنێکی ئاشکرای بنەماکانی دەستوری پەسەندکراوی عێراقە، کە کوردیش دەنگی پێداوە، هاوکاریشن بۆ دامەزراندنی سیستمی بنەماڵە. لەمانەش قانونی ڕێکخستنی کاروباری میدیا، قانونی دژە تیرۆر، قانونی سەرۆکایەتی هەرێم و زۆری تریش.

(9) هەوڵەکان لە کایەدان بۆ پیرۆزکردنی بنەماڵەی حوکمڕانی پارتی بەوەی کە گوایە ئەمان بەشدار بوون لە خەباتی شاخدا. دیارە ئەم بۆچوونە پێشێلی هەموو مێژووی خەباتی سیاسی کوردستان دەکات. ناساندنی خەباتی شاخ وەك فریادڕەسی گەل چەواشەکردنی مێژووە و ئەو ڕاستیە پەردەپۆش دەکات، کە ئەم خەباتە هەم کێشەی کوردی ئاڵۆز کرد، هەم چەندین جار شکستی خواردوە، بە تایبەتیش لە 1970دا کە باڵی مەکتەبی سیاسی بە "ناقانونی" لە بەیاننامەی ئازاردا ناوزەند کرا؛ لە 1975دا شکستی ناسراو بە ئاشبەتاڵ و دواتر لە 1987-1988دا لە دوای ئەنفال. دیارە ڕاپەرینی گەل لە 1991دا بووە بناغەی قەوارەی سیاسی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، کاتێك کە حزبەکان لە شاخ نەمابوون. پارتی و یەکێتی توانیان دەستبەسەر بەرهەمی ڕاپەریندا

بگرن لەڕێی ئەو ڕێکخراوە نوستوانەوە کە لە شارەکاندا هەیان بوو. دەنا ڕاپەڕین بەرهەمی خەباتی شاخ نەبوو.

(10) بنەماڵە و حزبە دەسەڵاتدارەکان دەیانەوێ هەموو هەوڵێك بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حزب و بنەماڵە ببەستنەوە بە دژایەتیکردنی ئەزمونی دامەزراندنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، کە دیارە ئەمە خۆی چەواشەکردنێکی ئاشکرای هەوڵە دڵسۆزەکانە بۆ بەدیموکراتکردن و بەسیڤڵکردنی کوردستان، کە ئەمانیش بەردی بناغەن بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی هەرێمی کوردستانی بەهێز و خۆڕاگر لەبەردەم هەموو کۆسپێکدا و هەنگاونانە بەرەو مافی چارەیخۆنوسین.

(11) ئەندامانی بنەماڵە هیچ ڕێزێکیان بۆ دەسەڵاتی هەرێم وحوکمی فەرمی نیە، بۆیە لە ماڵەکانی خۆیاندا، بە دەستوری سەرۆك خێڵ، حوکم دەکەن و ئامادە نین لە هەولێری پایتەخت کۆشکی فەرمیان هەبێ. ئەمەش لە شکۆی دەسەڵاتی هەرێم کەم دەکاتەوە.

(12) بە کورتی، هەموو هەنگاوەکانی بنەماڵە بەرەو ئەوە دەچن، کە سیستمێکی توتەلەتاری و ئۆتۆکراتی لەسەر بناغەی بنەماڵە دابمەزرێنن. ئەمڕۆ توانیویانە ئەم دەستگا و ڕێکخراوانە دەستبەسەرا بگرن. سەرۆکایەتی هەرێم کە جێی حکومەت، پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری گرتووەتەوە. پارتی دیموکرات و هەموو ڕێکخراوە پەیوەستەکانی دەستی بەسەرا گیراوە تا هیچ کاریگەریەکی نەبێ لەڕێی پلانەکانی بنەماڵەدا. بنەماڵە دەیانەوێ مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستانیش چەواشە بکەن و لە بەرژەوەندی خۆیان بینوسنەوە. دەنا پارتی لە دەرەوە و بەبێ ئاگای بنەماڵە دامەزراوە. لەڕێی یەکێتی نیشتیمانیەوە، بنەماڵەی حوکمڕانی پارتی، دەستی بەسەر ناوچەکانی یەکێتی - گۆڕانەوە گرتووە. یەکێتی نیشتمانی، لەڕێی بنەماڵەی سەرکردەیەوە، بووە بە بەشێك لە پلانەکانی بنەماڵەی حوکمڕانی پارتی و کاریگەریەکی ئەوتۆی لە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا نەماوە.

لەم دەرخستنە کورتەوە دەردەکەوێ، کە کوردستان بەرەو ئەو سیستمە دەچێ کە سەرۆکایەتی هەرێم جێی دوو دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەت بگرێتەوە، هەروەك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی سەدام حسێن. لەڕێی ئەندامانی بنەماڵەوە، کە دەستگای هەواڵگر، داپلۆسەر و سەربازیەکانیان بەدەستەوەیە، دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم جێبەجێ بکرێن. ئەمانیش جێی دەسەڵاتی دادوەری، پۆلیس و ئاسایش دەگرنەوە. ئیدی پەیکەری دەوڵەت یان دەسەڵاتی هەرێم (پەرلەمان، حکومەت و دادوەری) وەك دەستگا کارتۆنیەکانی حکومەتی بەعسی لێدێ. تەنانەت حکومەتە کارتۆنیەکەی ئەمڕۆش لە هاوکێشەی ئاڵۆزی ناکۆکیەکانی بنەماڵەدا خراوەتە گەڕ.

دیارە لاوازبوونی یەکێتی، بە تایبەت دوای نەمانی سکرتێرەکەی، پارتی بەرەنگاری دوو تەحەدا دەکاتەوە. یەکەمیان دەیکات بە تاکە حزبێکی دەسەلاتدار، بەڵام هاوکات هاوپەیمانەکەی، کە لە ڕێیەوە حوکمی ناوچەی سلێمانی و گەرمیانی پێدەکرد، لە سەر سەکۆکە نامێنێ. لەم بارەدا ڕەنگە پارتی پەنا بۆ گۆڕان بەرێ، وەك هاوپەیمانێك، یان ئەوەتا بەهێچگاری واز لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی - گۆڕان دەهێنێ و خۆی دەکات بە حوکمڕانی دهۆك و هەولێر. هەڵبەت ئەم دوو پارێزگایەش بۆ پارتی بە گرفتن. لە دهۆك ئیسلامیەکان تەنگی پێهەڵدەچنن و لە هەولێریش گۆڕان - یەکێتی. پارتی هەوڵدەدات کە بە داپلۆسین کۆنترۆڵی ئەم بارە دژوارە بکات کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەڵبەت ئەم ستراتیجیەش تا ڕادەیەکی کەم کاریگەر دەبێ. سەرهەڵدانی ئەوەی

کە ناسراوە بە بەهاری عەرەبی، ستراتیجی داپڵۆسینی خستە ژێر پرسیارەوە. ئەم بارە ڕوونی دەکاتەوە، کە بۆچی ئۆپۆزیسیۆنێکی تر لە تەك گۆڕاندا گرنگە، بە تایبەت گەر بتوانێ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا چالاك بێ.

## 1.3 کێشە کولتووریەکان

هەندێك کێشەی تر هەن، کە ڕەنگە پەیوست بن بە ناوچەکە و بەوەوە کە کولتوورێکی دیموکراتی لەو ناوچەیەدا هەرگیز بەرقەرار نەبووە تا بتوانرێ بناغەی لەسەر دابنرێ. ئۆپۆزیسیۆن پێویستە ڕووبەڕووی ئەم کولتوورەش بێتەوە و بکەوێتە کار بۆ گۆڕینی. مێژوویەکی دوور و درێژی دەسەڵاتی تاکە کەس، کارێکی وای کردووە کە ئاسان بێ بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی هاوشێوەی بێ دەستگا. لەم دەوروبەرە ناتەندروستەدا، سیستمی دیموکراتی و سیڤڵ و دەسەڵاتی لەسەر دەستگا دامەزراو زەحمەتە بناغە داکوتێ. جا بۆیە پێویستە ئەم کولتوورە بخرێتە بەر پرسیار و دیبەیت. لە پرۆگرامی ئۆپۆزیسیۆن و دەستوری کوردستاندا، پێویستە بەربەست بینا بکرێ بۆ ڕێگرتن لە کولتووری تۆتەلەتاری و ئۆتۆکراتی و سیستمێك کە لەسەر بناغەی تاکە کەس و بنەماڵە دامەزرا بێ. بۆ نمونە خولی حوکمکردنی سەرۆکی حکومەت (سەرۆکوەزیران)، سەرۆکی هەرێم و ژێدەری پەرلەمان (سەرۆکی پەرلەمان) و هەندێك پۆستی تری گرنگ پێویستە لە یەك خول، واتە چوار ساڵ، زێتر تێنەپەڕن. ئەمە پێوانەیەکە بۆ ڕێگرتن لە دەسەڵاتی تاکە کەس و دیکتاتۆر. ئەوەی ئاسایی و سروشتیە لە ناوچەکەدا دابمەزرێ، دەسەڵاتی تاکە کەسە. تەنانەت زۆرجار ئۆپۆزیسیۆنیش پەنا بۆ سەرۆکی هەرێم دەبات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لەبری ئەوەی بەرپرسیاری بکات لە نانەوەی کێشەکاندا.

ئەم کولتوورە نادروستە تەنیا سیستمی سیاسی ناگرێتەوە، بەڵکو لە هەموو بارەکانی ژیاندا بەرقەرارە. بۆ نمونە ژنان و منداڵان لەم سیستمەدا مافەکانیان پێشێلکراوە، کە پێویستە بە قانون ئەم مافانە ڕاستبکرێنەوە. پیاوانی ئاینی، دەکرێ ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێ لە هاوئەهەنگی و تەبایی کۆمەڵدا، کەچی ئەمڕۆ لە هەندێك لە مزگەوتەکانەوە مافی قانونی خەڵك پێشێل دەکرێ و تەنانەت فەتوای کوشتنیش دەردەچێ. ئەم بارە ناتەندروستە پێویستە چارەسەربکرێ. ئاین پێویستە پیرۆزیەکەی لە دەری دەسەڵات بپارێزرێ، وەك پەیوەندیەکی ڕۆحی لە نیوان هاوڵات و خودای خۆیدا، نەك دەستوەر بدات لە دەسەڵاتی دنیەویدا؛ و بە پێچەوانەشەوە دەسەڵاتی سیاسی نابێ بۆی هەبێ پیرۆزی ئاین لە بەهێزکردنی خۆی و شاردنەوەی کەندەڵیدا بەکاربهێنێ.

## 1.4 داهاتووی سیاسی کوردستان

هاوپەیمانیەکی نیشتمانی پێویستە بە سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرا بێتە سەکۆی سیاسی کوردستان و ڕاشکاوانە کەموکوڕی و گەندەڵیەکانی دەسەڵات و حزبە دەسەڵاتدارەکان بخاتە ڕوو؛ گەلی کوردستانیان لێ ئاگاداربکاتەوە؛ بە ئامراز و شێوازی شارستانیانە، هەوڵی گۆڕین و چارەسەرکردنیان بدات. پێویستە ببێتە هاوخەباتی گۆڕان.

بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان پێویستی بە دوو بەرەی جیاواز و ئاشکرایە، بەرەی دەسەڵات و بەرەی ئۆپۆزیسیۆنێکی سەرتاسەری کوردستانی. بوونی ئەم دوو بەرەیە مانای پارچەبوونی هێز و هەڵوێستەکان نیە و مانای دابەشبونی گەلی کوردستان نیە، بەڵکو ئەم دوو بەرەیە تەواوکەری یەکن. بوونی دەسەڵات و

ئۆپۆزیسیۆن مانای بوونی تێڕوانینی جودایە، کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵە سەبارەت بە پرسە گرنگەکان؛ ئەمیش دەبێتە فاکتەری پەرەپێدانی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی. خەباتی ئۆپۆزیسۆن دژی دەسەڵاتی هەرێم نیە، گەر خەباتیشی بۆ گۆڕینی حکومەتی هەرێم بێ.

ئۆپۆزیسیۆن بەشێکی سەرەکی پۆزەتیف و کاریگەرە لەهەموو پرۆسەیەکی سیاسی دیموکراسیدا. بەپێچەوانەوە، نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن پرۆسەی سیاسی بەرەو گەندەڵی و پاوانخوازی دەبات، وڵات و کۆمەڵگاش بەرەو دارمان و هەڵدێر. هەندێك لە سیما جیاکەرەوەکانی پرۆسەی سیاسی دیموکراسی بریتیە لە توانای خۆچاککردنەوە، خۆڕێکخستنەوە و خۆپاککردنەوە لە هەموو کەموکوڕی و گەندەڵیەك. ئەویش بە گوێگرتن و ڕێزگرتن دەبێ لە بیروڕای جیاواز و خستنەگەڕیان لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

بەهۆی پێکهاتەی ئاڵۆز و هەمەڕەنگی کۆمەڵەوە ، ئەمڕۆ بە تەنیا هێزێك ناتوانێ ئۆپۆزیسیۆن پێکبهێنێ لە کوردستاندا، بەڵکو چەندین ڕەوت، هێز، ڕێکخراو و کەسانی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر دەکرێ پێکەوە ببنە پایەکانی هاوپەیمانیەك کە بتوانێ کاریگەر بێ لە پرۆسەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیدا. هەروەها دەکرێ ڕێکخراوە مەدەنیە سەربەخۆکان بەشێکی کارا بن لە پشتیوانیکردنی ئۆپۆزیسیۆن و بەرەوپێشبردنی لەناو جەماوەردا.

چارەسەرەکانی ئەم کێشە و گرفتانەی سەرەوە و پێشخستنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان، لە بەشەکانی خوارەوەدا وەك لیستێکی 'دڵخواز'، کە کۆمەڵێك پێداویسین دەکرێ جێبەجێ بکرێن و گشت بارەکانی ژیان دەگرنەوە. دیارە هەندێکیان پێویستیان بە گفتوگۆ و تاوتوێکردن هەیە بۆ تێگەیشن و قوڵبونەوە تیایاندا، کە هەر لە سەرەتاوە ئامانجی ئەم برۆژەیە بووە.

## 2 پرنسیپە بنچینەییەکان

ئەمانەی خوارەوە پرنسیپە بنچینەیەکانی هاوپەیمانیە پێشنیارکراوەکەیە.

1. دروشمەکانی هاوپەیمانیەکە ئەمانەن: سەروەری قانون، پەرلەمانی کارا و حکومەتی بەرپرس.
2. دەسەڵاتەکانی هەرێم (قانونٍدانان، جێبەجێکردن و دادوەری) لەیەك جودا دەکرێنەوە و میدیا وسیستمی ئابوری (وەك بانك) سەربەخۆ دەکرێن. ئاین لە دەسەڵات جودا دەکرێتەوە.
3. دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی قانونی و شەرعی کوردستانە و لەسەر بناغەی پەرلەمان دامەزراوە.
4. ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات تەنها لەڕێی هەڵبژاردنەوە دەبێ.
5. بەهێزکردن و بە دەستگاکردنی دەسەڵاتی کوردستان.
6. پابەندبوون بە قانون و دەستور و بە بەهاکانی ئاشتی، دیموکراسی و سیستەمی فیدراڵیەوە. قانون سەروەرە، لەسەر هەموانە و بە هیچ جۆرێك پێشێل ناکرێ.
7. پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتن لەبەها مرۆڤایەکان، وەك ئەوانەی کە لە قانونە نێودەوڵەتیەکان، ڕێسا و نەریتەکاندا هاتوون.
8. هێنانەدی مافەکانی گەلی کوردستان و سازش نەکردن لەسەر ماف و پرسە چارەنوسسازەکان. گەلی کوردستان دەتوانێ مافی چارەیخۆنوسین بەرجەستە بکات.

9. گەل و نیشتمانی کوردستان دابەشکراو و  داگیرکراون و کاردەکرێ بۆ یەکخستن و یەکگرتنەوەیان. ئەمیش ئارامی بۆ ناوچەکە دێنێ.

10. کوردستان وڵاتی هەموو ئەو نەتەوە و گرووپە ئاینیانە، کە لەسەری دەژین؛ هەمووشیان تێکڕا گەلی کوردستان پێکدەهێنن؛ ڕێزگرتن لە بەها نەتەوەیی و ئاینیەکان و کارکردن بۆ دابینکردنی مافیان بە قانون و ڕێسا دەپارێزرێن.

11. ڕێزگرتن لە گەلان و دەوڵەتان لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی دوولایەنە و قانون، نەریت و ڕێسا نێودەوڵەتیەکان.

12. تیرۆر و تۆقاندن بەهەموو شێوەکانیەوە تاوانن و هەموو توندڕەویەکی سیاسی، نەتەوەیی و ئاینی بنەبڕ دەکرێن.

13. خەبات و قوربانیەکانی گەلی کوردستان بەرز دەنرخێنرێن و دەکرێنە تینی پێشخستنی کوردستان و دۆستایەتی گەلان.

# 3 ئامانجەکان

## 3.1 ئامانجە سیاسیەکان

14. دارشتنی دەستورێکی هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان.

15. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی قانوندانان، جێبەجێکردن و دادوەری لەپێناو دامەزراندنی کۆمەڵێکی دیموکراتی سیڤڵدا.

16. جیاکردنەوەی دەسەڵاتی قانوندانان (پەرلەمان)، دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) و هێزەکانی ئاسایشپارێزی کوردستان لە دەسەڵاتی حزب.

17. دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ دەبێ لە هەموو دەستێوەردانێك. دادوەرەکان و کارمەندانی دەستگا قانونیەکان سەربەخۆ و بێلایەن دەبن.

18. ئۆپۆزیسیۆن بە قانون، ماف، ئەرك و بەرپرسراوێتی دیاری دەکرێ. دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان مامەڵەیەکی یەکسان لەگەڵ هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان دەکات بەبێ جیاوازیکردن.

19. لێکجوداکردنەوەی دەستگاکانی هەرێم لە حیزبە سیاسیەکان. حیزب تەنیا ڕێکخراوێك دەبێ کە لە چوارچێوەی قانوندا کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێی هەڵبژاردنەوە. حزب هیچ سەرچاوەیەکی شاراوەی دەسەڵات و دارایی نابێ و چەکداریش نابێ. دەسەڵاتی هەرێم لە ئاستی حزبدا پەیوەندیەکانی دەرەوە نابەستێ و ڕێکناخات.

20. پەیوەندی کوردستان، وەك دەسەڵاتی هەرێم، لەگەڵ بەغدادا، وەك حکومەتی فیدراڵ، لە ئاستی دەسەڵاتدا ڕێکدەخرێ، نەك حزب و بنەماڵە.

21. سیستمی سیاسی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەسەر بناغەی پەرلەمان دامەزراوە. دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمان بە قانون دیاری دەکرێن. ژێدەری پەرلەمان (سەرۆکی پەرلەمان) بێلایەنی خۆی بەیان دەکات لە کارەکەیدا.

22. سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری دەکرێ و تەنیا پۆستێکی بەخێرهێنان دەبێ؛ دەسەڵاتی قانوندانان و قانون ڕەفزکردن و قانون جێبەجێکردنی نابێ.

23. دەسەڵاتەکانی قانوندانان و جێبەجێکردن لە سەرۆکایەتی هەرێم دادەبڕێن و دەخرێنە ژێر دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەت، وەك دەسەڵاتی پەیوەندیەکان دەرەوە، ئاسایش، کاروباری پەترۆکیمیاوی و ئابووری.

24. پەرەدان بە هێزەکانی ئاسایشپارێزی کوردستان بۆ هێزێکی کوردستانی قانونی، دوور لە کۆنترۆڵی حزب، بنەماڵە و کەسانی دەسەڵاتدار، بەجۆرێك کە هیچ هێزێك لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆدا نەمێنێ. دەستگاکانی حیزب، خێڵ، بنەماڵە و کەسەکان دەستگای ناقانونین و هەڵدەوەشێنرێتەوە.

25. نەهێشتنی دەستبەسەراگرتنی ئیدارەی گشتی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی تاکەکەس، بنەماڵە و حزب. بەربەستکردنی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، و پشتبەستن بەتوانا و لێهاتووەکان لە پڕکردنەوەی پۆستەکانی هەموو دەستگاکانی دەوڵەتدا.

26. کۆنترۆڵکردنی بودجە لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە. حکومەت شەفاف دەبێ لە خەرجکردنی بودجەیەدا و بەرپرسیار دەبێ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان و گەلی کوردستان.

27. سەقامگیرکردن و پشتگیری میدیای ئازاد بە داڕشتنی قانونێکی هاوچەرخ کە لەگەڵ نەریت و قانونە نێودەوڵەتیەکاندا تەبا بێ بۆ پارێزگاری ئازادی ڕادەربڕین. ڕاگرتنی بودجەی گشتی بۆ میدیای حیزب، بنەماڵە و تاکە کەس.

28. جیاکردنەوەی سیستمی ئابوری لە دەسەڵاتی سیاسی و دانانی ستراتیجیەکی ئابوری بۆ کوردستان، کە لە دەستتێوەردانی سیاسی بەدوور بێ. دەسەڵات کاری ڕێکخستنی سیستمی ئابوریە، نەك دەستبەسەراگرتنی. ئەم ستراتیجیە سەربەخۆکردن و ڕێکخستنەوەی کۆمپانیا مۆنۆپۆل و گەورەکان و سیستمی بانکی کوردستان لەخۆ دەگرێ.

29. بە دواداچوون، لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لەو کەس و گروپانەی کە گومانی گەندەڵی و تاوان لە ئەستۆگرتنیان لێ دەکرێ. کردنەوەی فایلی ئەو کەسانەی کە قوربانی فڕاندن و داپڵۆسین بوون و کەیسەکانیان فەرامۆشکراوە.

30. هەولێر پایتەختی کوردستانە و هەموو دەسەڵاتەکانی هەرێم (پەرلەمان، حکومەت و دادوەری) لە هەولێر دەوام دەکەن.

31. کوردستانیانی تاراوگە سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ پتەوکردنی پەیوەندی گەلی کوردستان بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیەوە؛ هاوکات کاریگەر دەبن لە بلاوکردنەوەی کولتووری دیموکراتی و مەدەنی لە کوردستاندا.

32. دەکرێ دابەشکردنی گەلی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا لە بەرژەوەندی کورد خۆیدا بەکاربهێنرێ. هاوئەهەنگی لەنیوان کوردستانیانی هەموو بەشەکاندا هاوکاری ئارامی و ئاسایشی ناوچەکەیە. سەرەتایەکی ئەم هاوئاهەنگیە، دامەزراندنی یەکەیەکی کولتووریە لەنێوان هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا.

### 3.2 ئامانجە کۆمەڵایەتیەکان

33. بەرجەستەکردنی کولتووری دیموکراتی لەناو کۆمەڵی کوردستان و عێراقدا بۆ بەهێزکردنی سیستەمی فیدراڵ، سەروەریی قانون و گەرەنتیکردنی ئازادی هاوڵاتیان؛ کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی باوەڕی کۆمەڵی کوردستان بە پرۆسەی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی.

34. پاراستنی مافی خەڵکی کوردستان لە بەشداریکردنی بڕیاری سیاسیدا و دابینکردنی مافی گۆڕینی دەسەڵات لەلایەن خەڵکەوە. داڕشتنی قانونی تایبەت بە پاراستنی مافی مرۆڤ، کە تەبا بێ لەگەڵ نەریت، ڕێسا و قانونە نێونەتەوەیەکاندا.

35. پاراستنی خێزان وەك یەکەیەکی کۆمەڵایتی گرنگی کوردستان. قانون کاروباری خێزان ڕێدەخات و پارێزگاری دەکات.

36. پاراستنی مافی ژنان و بەرجەستەکردنی دادوەری کۆمەڵایەتی؛ هەموارکردنی قانونە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی هاوچەرخانە، شارستانیانە و ڕەنگدانەوەیان لە دەستوری کوردستاندا.

37. منداڵان پێشڕەوی کۆمەڵی داهاتوون و بە قانون مافەکانیان دەپارێزرێ و وەك بەشێك لە خێزان بایەخیان پێ دەدرێ.

38. پشتیوانیکردنی ڕێکخراوە مەدەنیە سەربەخۆکان لە پێناو بەشداریکردنی بەرفراوانی توێژ و چینەکانی کۆمەڵ لە دەسەڵاتی سیاسی-کۆمەڵایەتیدا.

39. بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری کوردستان، بوژاندنەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتوگوزار. داڕشتنی پلانێکی ئابوری بۆ بوژاندنەوەی کوردستان و خستنەکاری هاولاتیان، بە تایبەتی لاوان.

40. دامەزراند و پەرەپێدانی ڕێگاوبان و هۆکانی هاتوچۆی هاوچەرخ (وەك شەمەندەفەر) لە شار و شارۆچکەکاندا و بەستنیان بەیەکەوە.

41. پەرەدان و هاوچەرخکردنی هەموو لایەنەکانی سیستەمی خوێندن و خوێندنی باڵا. ئازادکردنیان لە دەستتێوەردانی سیاسی.

42. پارێزگاریکردنی تەندروستی هاوڵاتیان بە سیستەمێکی هاوچەرخ، کە دەسەڵات فەراهەمی دەکات.

### 3.3 ئامانجە نیشتمانیەکان

43. گەلی کوردستان هەموو ئەو نەتەوە، ئاین و ئاینزایانە دەگرێتەوە کە لە کوردستاندا دەژین؛ هەموو هاومافن لەبەرانبەر قانوندا؛ مافی هەموو ئەو پێکهاتانە دەپارێزرێ. کوردستان لەسەر بناغەی "هەمەڕەنگی کۆمەڵایەتی هێزبەخشە" دادەمەزرێ. ئەم هەمەڕەنگی پێکهاتەی ئەتنیکی و ئاینیەی گەلی کوردستان بە سەرچاوەی هێز دادەنرێ و بەرز دەنرخێنرێ. بەبێ بەشداربوونی هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان، دیموکراتیەت و کۆمەڵگەی سیڤڵ سەرکەوتوو نابێ.

44. مادەی 140ی دەستووری عێراق، کە پەیوەستە بە داهاتووی ناوچە داگیرکراو و تەعریبکراوەکانەوە، گرفتی زۆرە. پێویستە ستراتیجیەکی نوێ بدۆزرێتەوە بۆ گەڕانەوەی ئەم ناوچانە بۆ سەر کوردستان.

45. ئەو نەتەوە و گروپە ئاینیانەی کە لە کوردستاندا دەژین پێکهاتەیەکی گرنگی گەلی کوردستانن. گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان و داگیرکراوەکان (کە مادەی 140 دەیانگرێتەوە) بە پلەی سەرەکی لە بەرژەوەندی ئەمانە، چونکە ژمارەیەکی بەرچاویان لە هەرێمی کوردستاندان. بە گەڕانەوەی ئەو

ناوچانە بۆسەر هەرێمی کوردستان پێگە و یەکێتیان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بەهێزتر دەبێ و ڕۆڵی گاریگەرتریان دەبێ لە ڕووی سیاسی و ئیداریەوە.

46. پێکهاتەکانی کوردستان لە هەموو ئاستەکانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا بەشدار دەبن، بەشێوەیەك کە ڕەنگدانەوەی ڕێژەی پێکهاتەیان بێ لە کۆمەڵی کوردستاندا. هەموو هاونیشتمانیانی کوردستان یەکسان دەبن لە ماف و ئەرکەکانیان لە بەرامبەر قانوندا بەبێ ڕەچاوکردنی پێشینەی نەتەوەیی، ئایینی و حزبی.

47. گەلی کوردستان و نوێنەرایەتیەکەی کار دەکەن بۆ ئارامی و ئاسایشی هەموو عێراق. پرۆژەی ئابووری، کۆمەڵایتی و ڕۆسنبیری پێشنیار دەکەن بۆ پێشخستن و بە دەرامەتکردنی هەموو گەلی عێراق.

# 4 تێروانینی سیاسی

## 4.1 نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە حکومەتی فیدراڵی

48. نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە حکومەتی فیدراڵ و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هاوئاهەنگ دەبن لە هەموو پرسە سیاسی-کۆمەڵایەتیەکاندا.

49. نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە حکومەتی فیدراڵدا نوێنەری گەلی کوردستانن بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە. پێویستە هەموویان وەك یەکەیەکی سیاسی و بە یەك ئاڕاستەدا کار بکەن لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان.

50. سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە حکومەتی فیدراڵدا دەبێ کۆك و هاوئاهەنگ بن، و پێکەوە پلانی یەکگرتوو دابڕێژن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە گرنگەکان و پێشهاتەکاندا.

51. نوێنەرایەتی گەلی کوردستان کار دەکات بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانێتی و دۆستایەتی لەگەڵ هێزە دیموکراتخوازەکانی عێراق لەپێناو بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی دیموکراسی لە عێراق و کوردستاندا.

52. لەتەك پێشخستنی حکومەتی فیدراڵدا، نوێنەرانی گەلی کوردستان کار بۆ بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، هەم لەنێو عێراق و هەم لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیدا.

## 4.2 حکومەتی عێراقی فیدراڵ

53. حکومەتی عێراقی فیدراڵ حکومەتی هەموو هەرێم و بەشەکانی عێراقە و کۆکراوەی هێز و ئیرادەی هەرێمەکانە. بە دیمکراتیکردنی ئەم دەسەڵاتە لە بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتانی عێراقە، بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

54. هەموو سیاسەتەکانی حکومەتی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەستوری پەسەندکراوی عێراقی فیدراڵدا دەبێ. لادان لە دەستور و بنەماکانی دەستور، شەرعیەتی حکومەتی فیدراڵ دەخاتە بەر پرسیار.

55. قانونەکان لە سێبەری دەستوری عێراقدا دەنوسرێن و دەستور ڕەنگیان تیدا دەداتەوە.

56. حکومەتی فیدراڵ هەموو دەستگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە قانونی دەزانێ و بەفەرمی دەیانناسێنێ؛ سیاسەتێکی ئاشکرای بەرامبەر حکومەتی هەرێم دەبێ کە لەگەڵ بنەماکانی دەستوری عێراق و ڕێکەوتنە سیاسیەکانی نێوان کورد و پێکهاتەکانی تری عێراقدا دەگونجێ.

57. سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ کۆك دەبێ، هەم لەگەڵ دەستوری عێراق و بەرژەوەندیەکانی گەلی عێراقدا، هەم لەگەڵ قانون و پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتیەکاندا.

58. حکومەتی عێراق هیچ ڕێکەوتننامە و پرۆتۆکۆلێك لەگەڵ هیچ لایەنێکی ناوچەکەی و جیهانی مۆرنەکات، ئەگەر دژ بە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان بێ.

59. مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە پێویستە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی و ڕێزگرتنی دوولایەنە بێ، کە لە قانون، ڕێسا و نەریتە نێودەوڵەتیەکاندا هاتووە. حکومەتی عێراق پێوستە بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ ڕەچاو بکات، بەڵام نابێ ببن بە بەشێك لە بڕیاری سیاسی ناوخۆی عێراق. پەیوەندی حکومەتی عێراق و وڵاتانی دراوسێ دژ بە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان نابێ.

60. هێزی سەربازی و ئاسایشی عێراق، بە هێزی پێشمەرگەشەوە، هێزی پارێزەری ئاشتی و ئارامی عێراقن. بۆ هیچ مەبەستێکی سیاسی و حزبی و بۆ بەرژەوەندی هیچ پێکهاتەیەکی تایبەتی عێراق بەکارناهێنرێن. پرۆسەی سیاسی عێراق دوور دەبێ لە هێزی سەربازی و پرۆسەیەکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە دەبێ.

61. بەرامبەر پابەندبوونی حکومەتی فیدراڵ بە مافە دەستوریەکانی گەلی کوردستانەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکە دەستوریەکانی وەك هەرێمێك جێبەجێ دەکات.

62. یەکپارچەیی خاکی عێراق پەیوەستە بە جێبەجێکردنی دەستوری عێراقەوە. لەکاتی جێبەجێ نەکردنی دەستوری عێراقی فیدراڵی پەسەندکراو یان دەستکاریکردنی و گۆڕینی دوور لە ئیرادەی گەلی کوردستان، گەلی کوردستان مافی خۆیەتی بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدات.

## 4.3 هێز و لایەنە سیاسیەکانی عێراق

63. گەلی عێراق پێکهاتەیەکی تێکەڵە لە نەتەوەی عەرەب، کورد، تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەن، و ئاین و ئاینزای وەك ئیسلام ( سوننە، شیعە)، مەسیحی، یەزیدی، شەبەك، کاکەیی، سابی و هەموو ئەوانی تر. ئەم پێکهاتەیەی گەلی عێراق لە پێکهاتەی حزب و لایەنە سیاسیەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

64. هاوپەیمانیە پێشنیارکراوەکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی تری عێراقدا دەکات. پێوەری مامەڵەکردنی لەگەڵ هەر هێز و لایەنێکی تری عێراق بریتیە لە سەلماندن و باوەڕبوونیان بە مافەکانی گەلی کوردستان و باوەڕبوون بە دیموکراسی بۆ تێکڕای عێراق.

## 4.4 دۆستایەتی گەلی کوردستان و وڵاتانی دیموکرات

65. دۆستایەتی کورد و وڵاتانی دیموکرات پرسێکی گرنگە و پێویستە بۆ هەردوولا سودمەند بێ، بە شێوەیەك کە هەردولا پرسە گرنگەکانی تایبەت بە عێراق و ناوچەکە لەگەڵ تایبەتمەندێتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان لەبەرچاوبگرن.

66. دۆستایەتی گەلی کوردستان و وڵاتانی دیموکرات بەرز دەنرخێنرێ. پشتیوانی وڵاتانی دیموکرات بۆ پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان بەدەست دەهێنرێ.

### 4.5 وڵاتانی ناوچەکە

67. گەلی کوردستان بەشێکی گرنگە لە خۆرهەڵاتی نێوەند و ئارامی و سەقامگیری ناوچەکەش لە بەرژەوەندی گەکی کوردستان و هەموو گەلانی ناوچەکەدایە. پەیوەندیەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی وڵاتانی ناوچەکە بە یەکتر دەبەستێتەوە. گەلی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتی سەربەخۆی نەبووە، هاوبەشە لە هەموو ئەو پەیوەندیانەدا و فاکتەرێکی بەهێزیشە لە هاوسەنگکردنی هاوکێشەکاندا.

68. خۆرهەڵاتی ناوەند ناوچەیەکی ستراتیجی ئابووری و سیاسیە، لەبەرئەوە ئارامی ئەم ناوچەیە بووەتە بەشێك لە بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکانی دونیا بە ئەمریکاشەوە. کێشەی کورد بووەتە پرسێکی گرنگی چوار وڵاتی گرنگی ئەم ناوچەیە و تا ئێستا، جگە لە عێراق، لە هیچ کام لەم وڵاتانەی تر ڕێچارەیەکی ئاشتیانە بەدی ناکرێ بۆ ئەم کێشەیە.

69. گەلی کوردستان گەلێکی دابەشکراوە بەسەر چوار وڵاتی ناوچەکەدا. چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ئاشتیانە و لەڕێی گفتوگۆوە لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردا لەبەرژەوەندی ئەم چوار وڵاتە و ناوچەکەیە. دەوڵەتانی ناوچەکە دەبێ بگەنە ئەو بڕیارەی کە نە گەلی کورد لەناو دەچێ، نە کێشەکەشی بە توندوتیژی چارەسەر دەکرێ.

70. لایەنگری و هەوڵدان بۆ ڕێچارەی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە هەموو ئەو وڵاتانەدا ئەرکی هەموو کوردستانیەك و هەموو ئەو وڵاتانەشە، کە هێز و توانا بخەنە گەڕ، بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانە. بوونی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی پۆزەتیڤە بۆ دۆزینەوەی ڕێچارەی گونجاوی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد لەم وڵاتانەدا.

71. عێراقی دوای سەدام حسێن بەرەو ئەوە دەچێ کە ببێتە خاوەن پرۆسەیەکی سیاسی دیموکراسیانە، لە جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمەش واقیعێکی تازەی هێناوەتە کایەوە، کە مامەڵەکردن لەگەڵیدا، بە دڵێکی فراوانەوە، دەبێتە هۆی پێشکەوتن و ئارامی ناوچەکە، نەك دژایەتیکردن و ئاستەنگکردن لەڕێی پرۆسە دیموکراتیەکەیدا. مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر و ناسین و قبووڵکردنی یەکتر بەگیانێکی دیموکراسیانە کلیلی چارەسەری کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە.

72. دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، شەرعیەتی قانونی و دەستوری هەیە لە چوارچێوەی عێراق و دواییش لە ناوچەکەدا. هەروەك هەرێمی کوردستان هەرێمێکی سەروەرە وەك بەشێك لە دەوڵەتێکی سەروەر.

## 5 سروشتی هاوپەیمانیە پێشنیارکراوەکە

هاوپەیمانیە پێشنیارکراوەکە:

73. ڕێکخراوێکی سیاسی ئارەزوومەندانەیە، کە لە یەکگرتنی هەموو ئەو ڕەوت، کەس و لایەنانەیە کە ئەم بەڵگەنامەیە دەکەنە بناغەیەك بۆ گفتوگۆ.

74. هەموو شێوازێکی بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەتدەکاتەوە و هەموو کارەکانی ئاشتیخوازانەیە. تیرۆر و تۆقاندن بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادەنێ. ڕێی گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی گشت کێشەکان بەرجەستە دەکات.

75. ئامرازی دیمکراتیەکانی ئەمرۆ بەکار دەهێنێ بۆ ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکانی و هەڵوێستوەرگرتن لەسەر ڕوداوە گرنگەکانی کوردستان، عێراق و ناوچەکە.

76. پەیوەندی دەبەستێ لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنیە سەربەخۆکان و حکومیەکاندا، کە کاران بۆ گۆڕانکاری لە کوردستاندا.

77. هەموو ڕێیەکی ئاشتیانە دەگرێتەبەر بۆ دەربڕینی بیرورا و نارەزایی، لەوانەش کۆڕ، کۆبونەوە، مانگرتن، خۆپیشاندان، نوسین و کامپەین؛ کاری سیاسی ڕێکخراو پیادە دەکات لە چوارچێوەی قانوندا و پەرە دەدات بە خەباتی جەماوەر؛ گوشاری سیاسی و جەماوەری لە کاتی قەیرانەکاندا بەکار دەهێنێ.

78. لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار دەبێ، لەمانەش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، عێراق، پارێزگاکان و ئەوانی تر.

79. پەرە دەدات بە خەباتی سیاسی و ڕێکخستن لەدەرەوەی کوردستان بەتایبەتیش لە وڵاتانی ئەوروپا بۆ کاراکردنی کوردستانیەکانی تاراوگە و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ هێز و لایەنە دیموکراتیەکان. کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی تاراوگە کارا دەکات بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا.

80. پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ هێزە دیموکراتییەکانی عێراق و خۆرهەڵاتی نێوەنددا بنیات دەنێ؛ بیرورا ئاڵوگۆڕ دەکات بۆ پتەوکردنی یەکریزیی هێزە دیموکراتییە هاوئامانجەکان لە ناوچەکەدا.

81. خورت دادەنوسێ لەگەڵ پێکهاتە ئەتنیکی و ئاینیەکانی کوردستان لە تورکمان، کلدان، ئاشوری و عەرەب بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی سیاسەتی هاوپەیمانیەکە سەبارەت بە مافی ئەو پێکهاتانە و بەشدارپێکردنیان.

82. دادەنوسێ لەگەڵ ڕێکخراوە حکومی، ناحکومیەکان، پەرلەمان و دەسەڵاتە دیموکراتەکانی جیهان.

- کۆتایی -

لەلایەن هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان - ەوە دارێژراوە بۆ گفتوگۆ.

Kurdistan Democratic Alliance

سێپتەمبەری 2012